www.kurdistannet.org
1-6-2003 1:33

# ئەو دیكتاتۆر نەبوو – سەدامۆت – بوو

محسن ئەدیب

راستتان دەویێت؟ ئەگەر عورفی رۆژنامەنووسی رێگای بدامایە تەنها بەو ناونیشانەی سەرەوە كۆتاییم بە بابەتەكە دەهێنا، چونكە تۆ حەوسەلّەیەكت نیە باس لە تاوانەكانی سەدامیزم بكەیت، گوتارێكت نیە جەریمەكانی راڤە بكات زمانێكت نیە موخەنەتیەكانی فۆرمەلە بكات، لەوانەیە دژوارترین زاراوەیەك، رەقترین وشەیەك كە بەردەوام لە ماس میدیاكاندا وەك هاوتایەك بۆ سەدام بەكارهاتبێت (دیكتاتۆر) بێت، بەلاّم بەرای من ئەو كابرایە دیكتاتۆر نەبووە، چونكە دیكتاتۆر دەیەوێت لە ئاوەدانیدا بێت تاوەكو هەیبەتو عەزەمەتی خۆی بخاتە روو، بەلاّم ئەو ئاوەدانی نەهێشت، دیكتاتۆر دێت كۆشكێكت بۆ دروستدەكاتو لەناو ئەو كۆشكەدا دەلّێت خەلّكینە من لەهەموو ئێوە بە دەسەلاّتدارترم، بەلاّم ئەو هەمووكۆشكەكانی ژیانی خاپوركرد، دیكتاتۆر دێت بۆئەوەی هەست بە بوونی خۆی بكات، بۆئەوەی هەست بە كەمی كردنی خۆی بشارێتەوە، رێگابە ژیانو كۆمەلّە دەمو چاوێكی بەرێزو موحتەرەم دەدا، تاوەكو لە ناویدا مانایەك بەخۆی ببەخشێت، بەلاّم ئەو هاتو هەموومرۆڤە بەكەرامەتەكانی لەناوبردو گشت مرۆڤە گرگنەكانی هێشتەوە، ئەگەر دكتاتۆر لە ژیانی مرۆڤەك

اندا بوونی خۆی ببینێتەوە ئەوا سەدام لە مەرگی مرۆڤەكاندا ئاوی حەیاتی دەنۆشی، ئەو تەنها لە سەركوتكردنی دەنگەكاندا، لە زیندەبەچالّكردنی هەناسەكاندا، لە كوشتنی مرۆڤەكاندا خۆی نەدەبینیەوە" بەلّكو لە داهێنانی جۆرەكانی خەفەكردنی دەنگو خنكاتدنی هەناسەو جۆرەكانی كوشتندا ئاوی حەیاتی دەخواردەوە، ئەو بە تەنها بە فیشەك نەیدەكوشتین، بە قەنارەدانیش وازی نەدەهێنا، هەروا بە ئاسانی بە ئەنفالو زیندە بەچالّكردن كەفو كولّەكانی مەرگدۆستی دانەدەمركایەوە، بەرشتنی چەكی كیمیایش ئاهی بەبەردا نەدەهات، تەنها بە جۆرەكانی سزادان گیانی لێنەدەسەندینەوە، بەلّكو دەهات گرێی دەدایت بە قونبلەیەكەوە لە مەراسیمێكی رەسمیدا لەژێرسێبەری چەپلّەبارانێكدا پەنجەی بە دوگمەیەكدا دەناو دەیتەقاندیتەوە، ئیدی دەستەكانت بۆكوێ بەرزدەكەنەوە نازانم. . . . . . !
چاوەكانت بۆ كوێ دەروانن نازانم. . . ! لێوەكانت چۆن چۆنی دەجولّێن. . . گۆرت لەكوێیە نازانم. . . ! (ئەمە وێنەیەك بوو زۆرێك لە كەنالّە ئاسمانیەكان" شەوێك هەموو ئازارەكانیان لا نوێ كردینەوە) .

دیكتاتۆر لەوانەیە پیاوێك بێت هەموو ئەو پیاوانەلەناو ببات كە مەترسی بۆ كورسیەكەی دروست دەكەن، بەلاّم ئەو پیاویش‌وپیریشی لەناودەبرد، ژن و مندالّیشی هەلّپروكاند. . . ، دیكتاتۆرێك هەیە نازییە دێت جووەكان لەناودەبات، دیكتاتۆرێكت هەیە خاچپەرستە لە مەیدانی جەنگەكاندا موسولّمان دەكوژێت، دیكتاتۆرێكت هەیە موسولّمانێكی توندرەوە خەلّكانی مەدەنی دەكوژێت، ماركسیەكت هەیە دیكتاتۆرە ئاو لە كاسەی سەری سەرمایەدارەكاندا دەخواتەوە، شوڤێنیەكت هەیە هەق بە بوونی نەتەوەكانی تر نادات، عەرەبێكت هەیە رقی لە كوردە، سوننیەكت هەیە شیعە بە مونحەریف دەزانێت، سپی پێستێكت هەیە رەش پێستەكان بە مرۆڤی پلە دوو دەزانێت. تۆ هەموو ئەمجۆرانەت هەیە لە دیكتاتۆر، لە تاوانبار، لە خوێنرێژ، بەلاّم سەدام نە نازیو نە شۆڤێنی بوو كە دژی كوردبێت" نە ماركسیەك بوو خوێن لە كاسەی سەری سەرمایەدارەكاندا بخواتەوە، نە سپی پێستێك بوو رەگەزی خۆی لا موقەدەس بێت نە سونیەك بوو لە رووی مەزهەبیەوە شیعە بە مونحەریف لە قەلّەم بدات، نە عەرەبێكی شۆڤێنی بوو بە تەنها دژی كوردو كەمە نەتەوەكانی تر بێت، نە توندرەوێكی ئیسلامی بوو خەلّك بە عەلمانیو كافر بزانێت، نە. . . . . . . . نە. . . . . . . . . . . " بەلّكو ئەو دژی هەموو ئەوانە بوو پێكەوە ئەو دژی كوردو دژی عەرەبو دژی كەمە نەتەوەكان بوو ئەو دژی شیعەو دژی سوننیو دژی ئیسلامیو دژی شیوعیو دژی مرۆڤو دژی ژیان بوو.

بۆئەوەی لەو كائینە دەعەجانیە تێبگەیت پێویستیت بە جۆرە تێروانینێكی تر هەیە بۆ مرۆڤ، بۆئەوەی لەو سلوكانەی ئەو حالّی بین پێویستمان بە داهێنانی قوتابخانەیەكی هەمەلایەنی فەلسەفی مەعریفیو سایكۆلۆژیو سۆسیۆلۆژییە، تا بتوانین تێبگەین ئەو چ جۆرە دەرونێكی شازی هەبووە، لە چ ژینگەیەكی سەیردا پەروبالّی كردووە، ئەو تێروانینەی بۆ مەرگ لەكامە تونوتونەكانی مێژوودا دۆزیوەتەوە، یان ئەو لە دەرەوەی مێژوو لە دەرەوەی جوگرافیای دەرونی مرۆڤو لەو دیو بازنەی تێروانینەكانەوە فۆرمەلە بووە. من بێگومانم لەوەی كە ئەو كائینە تێروانینێكی دی دێنێتە كایەوە بۆ شتەكان، بەلاّم ئەو تێروانینە بۆ خوێندنەوەی ئەونەبێ هیچ سودێكی تری

**لێناکەوێتەوە بۆ خوێندنەوەی هیچ مرۆڤێکی دی بەکەڵك نایە. . . . ! بۆیە دەبێت دیسان لە کۆتایدا بڵێم: ئەوو دیکتاتۆر نەبوو، ئەو بەتەنها ( سەددامۆت) بوو، ئەو زۆری کرد بەڵام ئێمە تائێستا هیچمان نەوتووە.**

muhsinadib@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت